# حەفتا مەتر چوارگۆشە !

بەرزان هەستیار

بەیانیان لێرەوە سواری میترۆ ئەبم و
لە قەرەباڵغییدا شانم ئەسوێت ؛
ئەم حەفتا مەتر چوارگۆشە ئەفسووناوییە،
سوپەرمارکێتەکانی، سەد ئەوەندەی بازاڕە گەورەکانی جیهان ئەبن
مەلەوانگەی وای تێدایە، تا دڵ حەز بکات فراوان؛
مەیلی بینینی ئەسپە ژن و
کچانی تازە باڵقبووش وەک پشکۆ بمگەشێنێتەوە،
بە شەقامە درێژەکانی ئەم حەفتا مەترچوارگۆشەیەدا ئەسووڕێمەوە و
تیایاندا نائومێدنابم،
برسیم بێت، ئەو چێشتخانانەی لێرە هەن
ڕۆشنترین پایتەختانی جیهان خەونی پێوە ئەبینن،
ژنەکەم مەیلی سەیر و سەفا بکات،
بە فڕکەیەک ئەیگەیەنمە سەوزترین و بەرینترین سەیرانگە،
لەگەڵ " زەنوێر "ی کوڕما،
بە کەیفی خۆمان ئەچینە قەشەنگترین یاریگە
ئەم حەفتا مەتر چوارگۆشەیە،
سنووری بە هیچ شوێنێکەوە نییە و
لە هەموو کیشوەرەکانیشەوە نزیکە،
دیسکۆی وا نایابی تیایە،
هەرزەکاران ناویشیان نەبیستووە و
بەڵام من لە ترسی ژنەکەم ناوێرم بە پەرێزیاندا بچم،
لەم حەفتا مەتر چوارگۆشەیەدا،
کەی غەریبیی " جەمال غەمبار " بکەم،
ئاوڕدەمەوە لە لای شانی ڕاستمەوە،
سەرقاڵی ڕەشکردنەوەی چەند لاپەڕەیەکی تری مەنفایە،
حەز بە سەردانی گۆڕی " عەلی نەجار " ی باوکم و
" حاجی ئاسکۆڵ "ی دایکم و
" ئەنوەر و ئەکرەم "ی " عەلی نەجار " بکەم
چاو بکەمەوە، وەک بازنەیەک لە "نور"ی خودایی، تەوقیان کردووم !!

******

لەم حەفتا ملیۆن مەترەدا!
شەوانە خۆم مەست ئەکەم و
هەر بە مەستییش،
هەموو فەنتازیا زەرد و سوورەکانی منداڵییم،
بە شانی ماندووی خۆم گواستۆتەوە ئەم مەملەکەتە تازەیە،
هەرزەکارییم، وەک کەنارییەکی ڕەنگا و ڕەنگ بەم ناوەدا فڕکەی دێت؛
گشت هاوڕێکانم وەک مێرووله بە دوای خۆمدا پەلکێشی ئێرە کردووە و
هەموو باخچە و کتێبخانە گشتییەکانی دنیام هێناوەتە لای خۆم ؛
سپێدان پێش خۆرکەوتن، گوڵەکان ئاو ئەدەم و
بەردەرگا ئاوڕشێن ئەکەم،
عەسرانیش، بە فێنکیی ئەچمە سینەما؛
لەم حەفتا مەترەدا،
ڕۆژی حەفتا جار لوتم ئەیدات لە بەردی ئەلحەدی تەنیایی و
حەفتا جار وەڕسبوون پێستم کەوڵ ئەکات،
حەفتا سەفەریش بە سواری کەشتیی کازیوە،
لە دوای گەوهەر و مەرجانی عیشق ئەکەم؛
لەم حەفتا ملیۆن مەترەدا،
مەیلی خوێن ڕشتنیش بکەم،
کەللەی خۆم هەڵئەگرم و
ئەچمە چۆڵەوانییەک،
بەرامبەر خۆم ئەوەستم و
دەسترێژێک نوکتە ئەنێم بە مێژەڵاکی سەرمەوە
فوارەی سووری پێکەنینێک بە ئاسمانا هەڵئەچێت و
هەموو شتەکان ڕەنگی خۆیان ئەگرنەوە،
لەم حەفتا مەترە سەیرەدا،
هیچ شتێک بۆ تا.. هەتا، ڕەنگی خۆی ون ناکات،
هیچ شتێک....!!!!

